# بەرنامەو
# پەیڕەوی ناوخۆی
# حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

**پەسەندکراوی حەوتەمین کۆنگرە/ ١٠-١٣/٧/٢٠١١**

# بەرنامە

## پەسەندكراوی حەوتەمین كۆنگرە/ ١٠-٢٠١١/٧/١٣

**ئامانجە سیاسییەکان**

کوردســتان نیشــتمانێکی داگیــرو دابــەش‌و لکێنــدراوە، ســەرباری ئەمانەش گەلی کوردســتان، نەک هەر نکۆڵی لەمافە نەتەوەییەکانی کراوە، بەڵکو رووبەڕووی سیاسەتی ســەرکوت‌و راگواستن‌و جینۆســاید کراوەتەوە. مێژووی چەوساندنەوەو ژێردەستەیی گەلی کوردستان، تائێستاش بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. بۆ کۆتاییهێنان بەو مێــژووە پــڕ لەســتەمکارییەو بیناکردنەوەی کەســایەتی تاکی کوردستانی‌و چەســپاندنی پرەنسیپی هاوڵاتیبوون، حزبی زەحمەتکێشــانی کوردســتان تێدەکۆشێت لەپێناو ئەم ئامانجانە:

١- دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان، بەگرتنەبــەری شــێوازی تێکۆشانی سیاسی، دیبلۆماســی، جەماوەری‌و مەدەنیانە بەرەو:

أ- بەدیهێنانــی مافــی بڕیاردانــی چارەنووســی گەلــی کوردستان لەڕێگەی ریفراندۆمەوە.

ب- دیاریکردنــی ســنووری هەرێمی کوردســتان بەپێی بەڵگەنامەو راستییە جوگرافی‌و مێژووییەکان.

ج- بەســتنی کۆنگرەیەکــی نیشــتمانی لەســەر ئاســتی هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان، بەبەشــداریی لایەنــە سیاســی‌و چین‌و توێــژو پێکهاتــە کۆمەڵایەتییــەکان، بۆ گەیشتن بەنەخشــە رێگایەکی کارکردن لەپێناو بنیادنانی کۆماری کوردســتان‌و واژۆکردنی پەیمانێکی هەمەلایەنە،

کــە ئاشــتیو بەرژەوەندیی باڵای نیشــتمانیو نەتەوەیی بپارێزێتو سیماکانی دەوڵەتی کوردستان دیاریبکات.
د- ئەنجامدانــی هەڵمەتێکــی دیبلۆماســی لەئاســتی نێودەوڵەتی بۆ سەرنجڕاکێشانو دروستکردنی زەمینەی هاریکاری لای وڵاتە بڕیار بەدەستەکانی دنیاو ناوچەکە.
هـ- ســازدانی هەڵمەتێکی بەردەوامی هۆشــیارکردنەوە، پەروەردەکردن، دیاریکردنی شێوازی کارکردنی گونجاوو ئاراستەکردنی هاوڵاتیانی کوردســتان بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە.
٢- چاکســازیکردن لەسیســتمی سیاســیی کوردســتان، لەڕێگــەی چەســپاندنی پرەنســیپە دیموکراتییــەکان، لەســەر بنەمای عەلمانیەت، فەراهەمکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەدەستورێکی سەردەمیانە.
٣-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤- چەســپاندنو پاراستنی سەربەخۆیی دادگاو رێزگرتن لەسەروەریی یاسا.
٥- چەســپاندنو پاراستنی مافی مرۆڤ بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ.
٦- رێزگرتن لەئاینو ئاینزاکانی کوردستانو بیروباوەڕە ئاینییەکان.
٧- دەســتەبەرکردنی مــافو ئازادییــە گشــتیو تاکــە کەســییەکان بــۆ هاووڵاتیانی کوردســتان بێ هیچ جۆرە

جیاوازیو جیاکاریەک.

٨-ڕێکخســتنی بوارەکانــی ژیانــی مەدەنــیو چالاکییــە کۆمەڵایەتــیو ئابــووریو فەرهەنگییــەکان بەدەرکردنی کۆمەڵە یاسایەکی هاوچەرخی پێشکەوتوو.

٩-چارەســەرکردنی ریشــەیی کێشــەی زەویــوزار لەکوردستان بەپێی یاسایەکی پێشکەوتوو.

١٠- یەکخســتنی هێــزی پێشــمەرگەو هێزەکانی ناوخۆو دوورخستنەوەیان لەهەژموونی حزبی.

١١- بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لەئاستە جیاوازەکاندا لەڕێگای ســەپاندنی یاســاو دامەزراندنی دەستەی باڵای دەستپاکیو پاراستنی سەربەخۆیی ئەو دەستەیە.

١٢- پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیو نەتەوەیی کوردستان.

١٣- بەگژداچوونــەوەی تیــرۆرو هەمــوو جۆرەکانــی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا.

١٤-پراکتیزەکردنــی پرەنســیپی هاووڵاتیبــوون لەکوردستاندا.

١٥-دەرکردنــی یاســای وەرگرتنــی زانیــاری بــە رۆژنامەنووســانو بایەخدانی زیاتــر بەمیدیای ئازاد، کە دەسەڵاتی چوارەم بەرجەستە بکات.

١٦- پشتگیریو پشتیوانیکردن لەخەباتی رزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

١٧- جەختکردنەوە لەســەر جێبەجێکردنو دوانەخستنی مــاددەی «١٤٠»ی دەســتووری هەمیشــەیی عێــراقو سازشــنەکردن لەســەر ئــەو مافانەی کە لــەو ماددەیەدا

دیاریکراون.

## ئامانجە ئابوورییەکان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بۆ بنیادنانی ژێرخانێکی ئابووری تۆکمەو گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستەو خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، تێدەکۆشێ لەپێناو ئەم ئامانجە ئابووریانە:

١-ڕێکخستنی بودجەی ساڵانەی کوردستان، بەشێوەیەک هاوسەنگی لەگشت بوارەکاندا دروستبکات‌و کەمکردنەوەی بەشی تەرخانکراو لەم بودجەیەدا بۆ بواری مووچە، کە ئێستا ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پێوەرە ئابووریانەیە، کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی‌و بانکی نێودەوڵەتی دیاریانکردووە.

٢-پەیڕەوکردنی شەفافیەت لەداهات‌و بودجەو خەرجیەکانی دەوڵەت.

٣- ڕێکخستنەوەی یاسای باج بەشێوازێک لەبەرژەوەندیی تێکڕای خەڵکی کوردستاندا بێت.

٤- هاندانی چالاکیی بازرگانی لەپێناو پەیداکردنی بازاڕی دەرەکی بۆ کاڵا خۆماڵییەکان.

٥- پەرەپێدان‌و ڕێکخستنی بانکەکان بەپێی سیستەمی تازەی بانک‌و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ناو کوردستان بەقازانجی بازاڕی نێوخۆیی‌و کاراکردنی وەبەرهێنان.

٦- ڕێکخستنی (بازاڕی ئازاد) بەشێوازێک هاوولاتی نەبێتە قوربانی قۆرخکردنی بازاڕو کێبڕکێی بازرگانان.
٧- چاکسازیکردن لەیاسای وەبەرهێنانو ئاسانکاری بۆ سەرمایەگوزاریی بیانی لەولاتدا بەپێی بەرنامەیەک، کە برەو بەستراتیژیی ئابووری ولات بدات.
٨- بایەخدان بەکەرتی کشتوکاڵیو بەپیشەسازیکردنی ئەو کەرتە تا لەئاستی دابینکردنی ئەمنی خۆراکی کوردستاندا بێت.
٩-بووژاندنەوەی گوندەکانو پەرەپێدانیان لەڕووی ئابووریو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانو کارئاسانیکردن بۆ نیشتەجێبوونی جوتیاران تیایاندا. کە رەچاوی بەرژەوەندی جووتیاران بکاتو پەرە بەبەروبوومی خۆماڵی بدات.
١٠-بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرووبوومی ئاژەڵدارییو پەلەوەرو ماسیو هەنگ، هەروەها کردنەوەی خولی راهێنانی پیشەیی بۆ جووتیاران.
١١- بایەخدان بەپیشەسازیی کارەباو نەوتو گاز.
١٢- بایەخدان بەژێرخانی ئابووریو بنیاتنانو پێشخستنی ڕێگاو بانو ئاوو بەنداوو ئاوەڕۆکان.
١٣- دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنو وەربەهێنان لەو پیشەسازییانەی کەرەستەی خاویان لەکوردستاندا زۆرە.

**ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:**

حزبی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان تێدەکۆشـێت بۆ ئەم ئامانجە کۆمەڵایەتیانە لەڕێی:

**یەکەم: کارو کرێکاران:**

١- هاوســەنگی لــە نێوان ئاســتی بژێوی ژیــانو داهات بکرێت، ئەو بنەمایە لە هەموو ئاســتەکانی ژیانی ئاساییدا رەچاو بکرێت.

٢-دارِشــتنی بەرنامەیەکــی زانســتیو تۆکمــە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی بێــکاری بەگشــتیو بێکاری دەمامکدار بەتایبەتیو دانانی پلانی زانستی بۆ سیستەمی دامەزراندن لەهەردوو کەرتی گشتیو تایبەتی.

٣- دەرکردنی یاســایەکی کاری هاوچەرخو شارســتانی کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافو ئەرکەکان رێکبخات بۆ کەرتەکانی گشــتیو تایبەتو هاوبەشو تێیدا رەچاوی مافی کرێکاران بکات.

٤- دابینکردنی پێویستییەکانی بژێوی ژیانو گوزەران بۆ ســەرجەم دانیشــتوان بەپێی پلانو بەرنامەی گونجاو و رەخســاندنی هەلی کارو دەستەبەرکردنی بیمەی بێکاری بۆ بێکاران.

٥- دەســتەبەری بەرژەوەندیــی چینایەتیــی کرێــکارانو تەواوی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٦- قەرەبووکردنــەوەی کرێــکار لەلایــەن خاوەنکارەوە لەکاتــی ڕوودانی هەر ڕووداوێــک لەچوارچێوەی کاتو

کەش‌و هەوای کارکردندا کە کار بکاتە سەر تەندروستیی کرێکار.
٧-کردنەوەی خولی تایبەت بۆ کرێکاران لەبوارە جیاجیاکاندا بۆ پەرەپێدانی شارەزاییان لەبواری بەرهەمهێنان‌و بەڕێوەبردن‌و سەندیکاییدا.

## دووەم :جووتیاران:

١-پشتگیریکردنی هەڵبژاردنی پیشەییانەی کۆمەڵەی جوتیارانی کوردستان، دوور لەدەست تێوەردانی حزبی.
٢- دارشتنی یاسایەکی نوێ بۆ پەرەپێدان‌و رێکخستنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی‌و پارێزگاریکردن لەبەرووبوومی خۆماڵی.
٣- هاندانی جوتیاران بۆ چاککردن‌و زیادکردنی بەرهەم لەڕێگای پێدانی قەرز لەبانکی کشتوکاڵییەوە.
٤-چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار بەقازانجی جوتیاران .
٥- فراوانکردنی پیشەسازیی کشتوکاڵی بەمەبەستی ساغکردنەوەی بەرهەمی جوتیاران .
٦- گرنگیدان بەبانکی کشتوکاڵی بۆ پێدانی قەرز بەجووتیاران بەمەبەستی هاندانی ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوەی دێهاتەکان.
٧- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ جووتیاران بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی بەرهەمهێنان‌و سوودوەرگرتن لەتەکنەلۆژیای نوێ.

٨- بایەخدان بەژیانو گوزەرانی وەرزێرانو پێشخستنی توانا پیشەییەکانیان (وەک کرێکاری کەرتی کشتوکاڵ).

**سێیەم: دەستەبەری کۆمەڵایەتی:**

١- دابینکردنــی بیمــەی کۆمەڵایەتی بۆ بەســاڵاچوان کە تەمەنیان لە(٦٣) ساڵ بەسەرەوەیە.
٢- دابینکردنــی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بێسەرپەرشــتانو کەمئەندامان، یان خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان.
٣- دروســتکردنی بنکــەی حەوانــەوە بــۆ ئەوانــەی بێ سەرپەرشــتن (منــداڵ – پیــر – پەککەوتــە) بەهەمــوو پێداویستییەکانەوە.
٤- پێشخســتنی سیســتمی چاودێــری کۆمەڵایەتــیو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ توێژە نەدارو کەمدەرامەتەکان.
٥- پێشکەشکردنی چاودێریو خزمەتگوزاریی بەردەوام بۆ نەخۆشییە درێژ خایەنەکان.
٦- باشــکردنی ژیانو گوزەرانی پەککەوتەو خانەنشــین لەکوردستان.
٧-پشتگیریکردن لەدەستەبەرکردنی یاسای مسۆگەرکردن (قانون التأمين).

**چوارم: ژنان:**

١- دابینکردنی یەکسانی لەنێوان ژنو پیاودا.
٢- دابینکردنــی مووچــەی یەکســان لەســەرجەم کارو

ئەرکەکاندا.
٣- قەدەغەکردنی فرەژنی.
٤- هەموارکردنی یاسـای باری کەسـێتی کە یەکسـانی لەنێوان ژنو پیاو دەستەبەر بکات.
٥- رەخساندنی هەلی بەشداریکردنی کارای ژنان لەهەموو بوارەکانـی ژیانـی سیاسـیو کۆمەڵایەتـیو ئابووریو فەرهەنگیدا بەشـێوەیەک کە رەنگدانەوەی سەنگو هێزی ژنان بێت.
٦-بەرەنگاربوونـەوەی شـێوازەکانی توندوتیژیو تاوان بەرامبەر ژنانو سزادانی ئەنجامدەرانیان بەپێی یاسا.
٧- پابەندبـوون بەهەموو رێکەوتننامـە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەمافەکانی ژنان.

**پێنجەم: تەندروستی:**
١- دەسـتەبەری بیمـەی تەندروسـتی بـۆ هاوڵاتیـانو رێکخستنەوەی سەرجەم کەرتی تەندروستیو دەرکردنی یاسای تایبەت بەمافە تەندروستییەکانی تاک.
٢-گرنگیدان بەدەسـتەبەری تەندروسـتیو ڕێکخسـتنی سیسـتمی نەخۆشـخانە گشـتییەکانو بەرزکردنـەوەی ئاستی خزمەتگوزاریان.
٣- بایەخدان بەچاودێریی تەندروستیی ساوایانو منداڵان.
٤- چاودێریـی بەردەوامی ئەو کەسـانەی کە نەخۆشـی درێژخایەنیـان هەیەو دابینکردنی داودەرمانی پێویسـت بۆیان.

٥- ڕێکخستنی سیستمی نەخۆشخانەو نۆڕینگای تایبەتو دەرمانخانـەکانو فرۆشـتنی دەرمـان بەپێـی پێـوەری کوالێتی کۆنترۆڵ.

**شەشەم: فەرمانبەران:**

١-بایەخدان بەژیانو بژێوی فەرمانبەرانو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان.

٢- پەیڕەوکردنـی سیسـتمێکی مووچە بەشـێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییە ئابووریەکانی سەردەمدا بگونجێت.

٣- پێشخستنی توانا پیشەییەکانی فەرمانبەران.

٤- پشـتگیریکردن لەپێکهێنانـی کۆمەڵـەی پیشـەیی فەرمانبەران.

٥- ڕێزگرتـن لەپیشـەی فەرمانبـەرانو ڕەچاوکردنـی خزمەتو شارەزاییو دڵسۆزیان لەکاتی پێشخستندا.

**حەوتەم: چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون:**

١- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەموو خێزانێکی بێخانوو لەکوردستان، بەپێی پلانێکی گونجاو.

٢- ڕێکخستنی یاسای کرێچیتیو جێبەجێکردنی.

٣- دروسـتکردنی خانـووو شـوقە لەلایـەن حکومەتـی هەرێمی کوردستانو دابەشکردنی بەسەر ئەو خێزانانەی خانوویان نییە.

٤- دابینکردنـی کرێی خانوو لەلایـەن حکومەتەوە بەپێی یاسا بۆ کەسانی بێکار، نەدار، پەککەوتە، بێسەرپەرشتو

بەسالاچووان.
٥- سـەرفکردنی پێشینە بۆ ئەو خێزانانەی خانووەکانیان لەئاستی پێویستی ژیاندا نییە.

**هەشتەم: خوێندن:**
١- پێشخسـتنی بەرنامـەی خوێندن لەزانکـۆو پەیمانگاو ئامادەییـە پیشـەییەکان بەشـێوەیەک کـە دەسـتەبەری پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان بکات.
٢- چاککردنی دۆخی خوێندنگاکان بەشێوەیەک کە لەگەڵ سیستمی سەردەمو تەکنەلۆژیا بگونجێت.
٣- دروستکردنی خوێندنگای تازە بەپێوەری خۆێندنگای وڵاتـە پێشـکەوتووەکانو بەگوێرەی پێویسـتی ژمارەی خوێندکاران.
٤- بەرجەسـتەبوونی ڕێزگرتنو پەرەپێدانی کەسـایەتی مامۆستا لەچوارچێوەی سیستمی خوێندندا.
٥- بایەخدان بەوانەکانی وێنەکێشـان، مۆسیقاو وەرزش، لەقۆناغی بنەڕەتیدا.
٦- دابینکردنـی کۆمپیوتـەر، هۆڵی شـانۆ، وێنەکێشـان، ئامێری مۆسیقا، یاریگاو کتێبخانە بۆ خوێندگاکان .
٧- گرنگیدان بەخوێندنی ئابووریو کشتوکاڵی، کە توانای بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەستەبەر بکات.
٨- ڕێکخسـتنی زانکۆو پەیمانگا ئەهلییەکان، بەشێوەیەک کـە دەرفەتـی خوێندن فراوان بکاتو ئاسـتی زانسـتیی

خوێندن رەچاو بکرێت.

٩- بایەخــدان بــە بەکوردیکردنــی خوێنــدن لەزانکــۆو پەیمانگاکاندا.

١٠- گۆڕینــی سیســتمی(قبولْ مەرکــەزی) بــۆ ئــەوەی خوێنــدکار سەرپشــک بێــت لەهەڵبژاردنی ئــەو بوارەی خوێنــدن لەزانکــۆ و پەیمانگاکانــدا کە لەگەڵ خواســتو بەهرەو توانای بگونجێت.

١١- پشــتیوانیکردنی خوێندکاران بۆ پێکهێنانی سەنتەرو کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان لەسەر بنەمای پیشەیی.

١٢- پێداچوونــەوە بە خوێندنی بــاڵاو بایەخدان بەلایەنی زانســتی لەخوێندنــداو دوورکەوتنــەوە لەحزبایەتی لەو بوارەدا.

## نۆیەم: لاوان:

بۆ ئەوەی کوردستان ئاوەدانو پێشکەوتووبێت لەئێستاو داهاتــوودا، پێویســتە بایــەخ بەتوانــاو بەهــرەی لاوان بدرێــت، حزبی زەحمەتکێشــانی کوردســتان لەو بوارەدا تێدەکۆشێت بۆ :

١- رەخســاندنی هەلی بەشداریکردنی لاوان بەرێژەیەکی دیار لەهەموو پێگەو نێوەندەکانی بڕیارداندا.

٢- رەخســاندنی هەلــی کار بۆ لاوان لەکەرتی گشــتیو تایبەتیو پێدانی قەرزی بچووکو درێژخایەن.

٣- دەستەبەرکردنی بیمەی بێکاری بۆ لاوان، تائەو کاتەی کاریان بۆ فەراهەم دەکرێت.

٤- بەهێزکردنی ئینتیمای لاوان لەگەڵ خاکو نیشتمانو نەتەوەو پرسی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.
٥- پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بەلاوان بۆ پێکەوەنانی خێزان.
٦- ئەوانەی خاوەن بەهرەی تایبەتن لەڕووی زانستی، هونەری، دەستڕەنگینیو وەرزشی پشتگیریان بکرێتو پەرە بە بەهرەکانیان بدرێت.

**دەیەم: پێشمەرگە:**

١- بەرزراگرتنی ناوو ناوبانگی پێشمەرگە.
٢- دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە.
٣- رێکخستنی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە بەشێوەیەک کە پارێزگاری لەخاکو گەلی کوردستان بکات.
٤- رێکخستنی مووچەی پێشمەرگە دێرینەکانو خانەنیشینکردنیان بەمووچەیەک بەجۆرێک کە ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکات.
٥- دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ وارسی شەهیدانو پێشمەرگە پەککەوتووەکانی سەنگەر.

**یانزەهەم: وەرزش:**

١- بایەخدان بەوەرزشو رۆشنبیریی وەرزشی بەگشتی، لەنێو تازە پێگەیشتووەکانو لاواندا بەتایبەتی.
٢- کردنەوەی گۆڕەپانی وەرزشی لەشارۆچکەو

لادێو گەڕەکەکانو کردنەوەی هۆڵی وەرزشـــی لەشارو شارۆچکەکانداو بایەخدان بەتیپە میللیەکان.
٣- یارمەتیدانـــی یانــە وەرزشـــییەکانو گەشـــەپێدانی بوارەکانی وەرزشیو بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی جیهانی.

**بـواری ئــاو:**

کێشـــەی ئاو بەیەکێک لەپرســـە گرنگو ســـتراتیژییەکان دادەندرێت، گۆڕانی کەشـــوهەوا، زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو، کەمی ســـەرچاوەکانی ئاوی پاک، پێشکەوتنی ژیانو پێداویســـتییەکانی مرۆڤ بەهۆکاری گرنگی فراوانبوونی قەیرانی ئاو دەژمێردرێت لە جیهانو ناوچەکەدا.
رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچانەی رووبەڕووی قەیرانی ئاو بۆتەوەو هەندێک ناوەندی سیاسیی ستراتیژی پێیانوایە ئاو لەچەند دەیەی داهاتوودا گرنگییەکەی ئەگەر لەنـــەوت زیاتـــر نەبێت، کەمتر نییە، هـــەروەک بەهۆکاری تازەی ســـەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان وڵاتانی ناوچەکەش دادەندرێت.
لـــەو نێوەنـــدەدا رەچاودەکرێـــت هەرێمـــی کوردســـتان رووبەڕووی هەمان قەیرانی ئاو ببێتەوە، بۆ پێشـــگرتنو رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە حزبی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان پێیوایە دەبێ حکومەتی کوردســـتانو دەزگا پەیوەندیـــدارەکان بەپێی پلانی ســـتراتیژیو هەنووکەیی، رووبەڕووی ئەو قەیرانە ببێتەوە، لەڕێگای:
١- ناچارکردنـــی وڵاتانـــی دەورووبـــەری کوردســـتان

بەپابەندبــوون بەیاســا نێودەوڵەتییەکانــی تایبــەت بەدابەشکردنو خاوەنداریێتیی سەرچاوەکانی ئاو.

٢- جێبەجێکردنــی پلانی دروســتکردنی زۆرترین بەنداو بــۆ گلدانــەوەی بارانــاو، کە دەبێتــە هــۆی بەکارهێنانی لەبوارەکانی کشتوکاڵیو دەستکەوتنی تەزووی کارەبا.

٣- گرتنەبــەری ڕێــگای زانســتیی تازە بــۆ بەکارهێنانی ئــاو لەبــواری کشــتوکاڵیو ئاودێریدا، ئەویــش لەڕێگای سیســتمی دڵۆپەو ئەو ڕێگایانەی کەمترین ئاوو زۆرترین بەرهەم دەبەخشن.

٤- دروســتکردنو دانانــی وێســتگەی پاکژکردنــەوەی پاشــماوەکانی ئــاوی بەکارهاتــووو ســەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی لەبوارە جیاجیاکاندا.

٥- گرنگیدان بەئاودێری لەڕێگەی دروستکردنی بەنداوی بچووک لەشوێنە پێویســتەکانو بەکارهێنانی پێشکەوتنە زانستییەکان لەپێشخستنی سامانی ئاودا.

٦- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیان لەبواری چۆنیەتیو چەندیەتیی بەکارهێنانی ئاو لەپێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، چ بەهۆی دانانی ئەو پرسە لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانــی خوێنــدنو گرنگیدانــی زیاتــر لەلایــەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەو قەیرانەوە.

٧- دانانو دروســتکردنی سەنتەری توێژینەوەی زانستی کــەوا بایەخو گرنگی بدات بەکێشــەکانی ئاو و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان.

**ژینگە**

گۆڕانــی نێگەتیڤانــەی ژینگــە مەترســی بۆ ســەر ژیانی تەواوی وڵاتانی جیهان دروســت کردووەو لەمبارەشەوە کوردســتان پشــکی خــۆی بەردەکەوێــت، حزبــی زەحمەتکێشــانی کوردســتان ئــەم هەنگاوانــە بەگرنــگ دەزانێتو وەک ئامانجێکی خۆی تێدەکۆشیت لەپێناو:

١- پشــگیریکردنی هەڵمەتی جیهانی لەپێنــاو پاکڕاگرتنی ژینگەو بەکارنەهێنانی وزە زیانبەخشەکانی وەک(ئەتۆمو گازی قورس).

٢- بایەخــدان بەقەیرانــی ژینگــەو مەترســییەکانی لەکەناڵەکانی راگەیاندندا.

٣- دانانی رێوشــوێنە یاســاییەکان بەمەبەســتی رێگرتن لەپیسبوونی ژینگە.

٤- گرنگیــدان بــەو کۆنفرانسو کۆنگــرە نێودەوڵەتیانەی دەربارەی پرســەکانی ژینگە ســاز دەدرێنو هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی نوێنەرانی کوردستان تیایاندا.

٥- ناســاندنو خســتنەڕووی گرفتــە ژینگەییــەکانو بەرزکردنــەوەی ئاســتی رۆشــنبیریی تــاک لەبەرامبەر مەترسییەکانیاندا.

٦- ئەکتیڤکردنــی فەرمانگەکانــی کۆنترۆڵــی جــۆری لەسەرتاســەری کوردســتاندا، بۆ رێگرتن لەبەکاربردنی کاڵای زیانبەخش بۆ مرۆڤو پیسکردنی ژینگە.

٧- رێکخســتنی کاروبارەکانــی وەزارەتی شــارەوانی بۆ

کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر ژینگە.
٨- دانانی مەرجی قورس بۆ شوێنە گشتییەکانو کارگەو ئۆتۆمبێلەکان لەرووی تەکنیکیو کارپێکردنەوە، بەمەبەستی سنووردارکردنی زیانە ژینگەییەکانیان.
٩- گرنگیدانی بەردەوام بەچاندنی دارو سەوزکردنی کوردستان.
١٠- کارکردن بۆ لێپێچینەوەو ریسواکردنی رژێمی داگیرکەری کوردستان کە بەهۆی چەکی قەدەغەکراوو مین ژینگەی کوردستانیان پیسو ترسناک کردووە.

**بواری پەیوەندییەکان**

پەیوەندییە نەتەوەییو نێودەوڵەتییەکانو کاری دیپلۆماسی لەدونیای ئەمڕۆدا رۆڵێکی گرنگیان لەپێشخستنو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانو سەرخستنی خەباتی گەلاندا هەیە، بۆیە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم بوارەدا تێدەکۆشێت بۆ:
١- بەدامەزراوەییکردنو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەگشتیو دامودەزگاو رێکخراوەکانی سەر بە(UN) بەتایبەتی.
٢- دروستکردنی لۆبیەکی کارای کوردستانی لەدەرەوە لەسەر هەموو ئاستەکاندا .
٣- رەچاوکردنی پرەنسیپی رێزگرتن لەئیرادەی یەکتریو بەرژەوەندیی بالآی گەلی کوردستان لەبواری پەیوەندییەکاندا.

٤- بەدامەزراوەیی‌و کردنی دەزگاکانی پەیوەندی‌و بوونی شەفافیەت لەپەیوەندیەکاندا.
٥- هەوڵدان‌و کارکردن لەپێناو بەئەندامبوونی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەڕێکخراوە سیاسییە نێودەوڵەتییە چەپ‌و پێشکەوتوخوازەکان.
٦- هەوڵدان لەپێناو زامنکردنی نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان لەنەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئاژانسە نێودەڵەتییە تایبەتمەندەکان.

**پاکتاوی رەگەزی(ئەنفال‌و چەکی کۆمەڵکوژو جینۆساید)**

سەرەڕای هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی گەلی کوردستان لەسەردەستی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتیش لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆری شۆڤێنیی سەدام، دووچاری ئەنفال‌و راگواستن‌و کیمیاباران بووەوەو ئەو تاوانەش لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە بەتاوانی جینۆساید سەلمێندراوە، بۆیە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تێدەکۆشێت:
١- دۆسیەی ئەو تاوانانە بخرێتە بەردەم نێوەندە یاسایی‌و بڕیاربەدەستەکانی جیهان (نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەوروپا، دادگای دادی نێودەوڵەتی، سۆسیال ئەنتەر ناسیۆنال، یەکێتیی وڵاتانی ئەفریقاو کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی....هتد) بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بەفەرمی بەجینۆسایدو پاکتاوی رەگەزی بناسرێن‌و ئەنجامدەرانیان ئیدانەو تاوانبار بکرێن‌و سزا بدرێن.

٢- قەرەبــووی زیانە ماددیو مەعنەوییەکانی قوربانیانی ئەو تاوانە بکرێتەوە.
٣- هەمــوو ئــەو دەوڵــەتو لایــەنو کۆمپانیاو کەســانە دادگایی بکرێنو سزا بدرێن کە راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە.
٤- سەرکردایەتیی سیاســیی کوردستانو کۆڕو کۆمەڵە چالاکەکانی بواری داکۆکیکردن لەقوربانیانی سیاســەتی پاکتــاوی رەگەزی، ئەو پرســە بکەنە پڕۆژەیەک لەســەر ئاستی ناوخۆییو جیهانیداو کاری بۆ بکەن.
٥- بنکەیەکــی هەمیشــەیی دابمەزرێــت بۆچاودێــریو چارەسەری قوربانیانی چەکی کیمیاوی.
٦- دامەزراندنــی مۆزەخانــەو ســەنتەری تایبــەت بــۆ توێژینــەوەی ئەنفالو پرۆســەکانی پاکتاوی رەگەزی دژ بەگەلی کوردستان.
٧- دروســتکردنی مۆنۆمێنتی نیشــتمانی بۆ شــەهیدانی کوردستان.

**نەتەوەو ئاینەکان لەکوردستان**

١- دابینکردنــی مافــی نەتەوەکانــی دیکەی کوردســتان (تورکمان، کلدوئاشــوور، عەرەبو ئەرمەن) لەبوارەکانی سیاسی، کارگێڕی، کۆمەلایەتیو فەرهەنگییەوە.
٢- دانانی پشــک بــۆ بەشــداریکردنیان لەدامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان.
٣- دابینکردنــی مافــە دەســتووریەکانی کۆمەڵ و گرووپە

ئاینـــیو ئاینزاو تایفەکانی کوردستـــان وەک (کریســـتیان، ئێــزدی، شـــەبەکوکاکەیی،...هتد) لەچوارچێوەی ئازادیی بیروڕاو باوەڕی ئاینیدا.

# پەیڕەوی ناوخۆ

پەسەندکراوی حەوتەمین کۆنگرە/ ١٠-٢٠١١/٧/١٣

## بەشی یەکەم/ ناو و ناسنامەی حزب

**ماددەی یەکەم/ ناو:**

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

**ماددەی دووەم/ ناسنامە:**

حزبێکــی چەپی دیموکراتی کوردســتانیە، لەپێناو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ســەربەخۆیی و بنیادنانی سیســتەمی دیموکراســی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێت.

## بەشی دووەم/ پرەنسیپەکانی ڕێکخستن

**ماددەی سێیەم/ پرەنسیپەکانی ڕێکخستن:**

١- پرەنسیپی ڕێکخستن لەسەر بنچینەی دیموکراسی، بەگیانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ بەڕێوەدەچێت.

٢- ئۆرگانەکانی حزب بەهەڵبژاردن پێکدەهێندرێن.

٣- بڕیار بەزۆرینە وەردەگیرێت.

٤- رای کەمینە ریــزی لێدەگیرێت و ریگەی پێدەدرێت راوبۆچوونەکانی خۆی لەئۆرگانەکان و کۆبوونەوەکانی حزب دەربڕبڕێت.

٥- رادەربڕین، بۆچوونی جیا، رەخنە بەوپەڕی ئازادی لەنێو حزب دەستەبەردەکرێت.

٦- بنکەکانــی خــوارەوە راپــۆرت بــۆ ســەروو

بەرزدەکەنەوە، سەرووش ڕێنوێنی و سەرکردایەتیی خوارەوە دەکات.

**ماددەی چوارەم/ مەرجەکانی ئەندامێتی:**

١- کوردستانی بێت و تەمەنی لە"١٨" ساڵ کەمتر نەبێت.
٢- بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حزب پەسەند بکات.
٣- بەگیانی دیموکراسی و نیشتمانی هەڵسوکەوت بکات.
٤- کۆبوونەوەی حزبی بکات و چالاکانە لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار بێت.
٥- مانگانە ئابوونە بدات.

**ماددەی پێنجەم/ ئەرکەکانی ئەندام:**

١- بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی خۆی.
٢- دڵسۆزانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزب تێبکۆشێت.
٣- هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی بدات.
٤- بە دڵسۆزیەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکان دەنگ بۆ بەرنامە و لیستی حزب کۆبکاتەوە.
٥- هاوکاری خەڵک بێت لەچارەسەرکردنی کێشە و

گیروگرفت و بەدیهێنانی داخوازیەکانیان.

**ماددەی شەشەم/ مافەکانی ئەندام:**

١-لەچوارچێوەی ئۆرگانەکاندا مافی ئازادیی رادەربڕین و رەخنەگرتن و پرسیاری هەیە.
٢- دوای شەش مانگ لەهاتنەڕیزی حزب، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لەچوارچێوەی سیستمی هەڵبژاردن بۆ ئۆرگانەکانی حزب هەیە.
٣- هۆشیارانە بەشداری لەداڕشتنی سیاسەتی حزبدا بکات.
٤-لەکاتی لێپێچینەوە و سزادان، لەبەردەم ئۆرگانەکانی حزبدا مافی بەرگری لەخۆکردن و پێداچوونەوەی هەیە.
٥- بەنووسراوی تایبەتی خۆی، مافی وازهێنانی هەیە.
بەشی سێیەم: ئۆرگانەکان

**ئۆرگانەکانی حزب بەم شێوەیە:**

(بنکە، بازنەی رێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا، مەکتەبەکان، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، جێگری سکرتێر، سکرتێر، پلینۆم، کۆنگرە).
ماددەی حەوتەم/ بنکەی رێکخستن:
١- لەگەڕەک، گوند، شارۆچکە یاخود شوێنی کار دادەمەزرێت.
٢- بنکەی رێکخستن لە(٢٠-٤٠) ئەندامی حزب پێکدێت.

٣- بنکەی ڕێکخستن لەبەرپرسێک و (٢-٤) ئەندام بنکە پێکدێت.
٤- بەرپرسی بنکە دەبێتە ئەندامی بازنە.
٥- مانگانە کۆبوونەوە دەکات.
٦- دەسەڵاتی پێدانی پلەی ئەندامیی حزبی هەیە.
٧- پێشنیاز بۆ پێدانی پلەی ئەندامی بنکەی ڕێکخستن بۆ بازنەی ڕێکخستن بەرزدەکاتەوە.
٨- کاروچالاکیە ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و وەرزشیەکان ئەنجام دەدات.
٩- لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەرکەکانی هەڵبژاردن لەسنوورەکەیدا دەگرێتە ئەستۆی، لەئەنجامەکانیشی بەرپرسیار دەبێت.
١٠- هەوڵی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی سنووری ناوچەکەی دەدات بەهاوکاری دانیشتووانەکەی.
١١- سەرووی خۆی لەکارو چالاکیەکانی ئاگادار دەکاتەوە و داوای ڕێنوێنی و هاوکاری دەکات.

**ماددەی هەشتەم/ بازنەی ڕێکخستن :**
١- بەبڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا و بەگوێرەی بارودۆخی حزب لەناوچەیەکی دیاریکراو دادەمەزرێت.
٢- ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا دەبێتە

بەرپرسی.

٣- لە (٣-٧) بنکەی ڕێکخستن پێکدێت.

٤- مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات.

٥- سەرپەرشتی بنکەکانی ڕێکخستن دەکات، لەسنووری بازنەکەی.

٦- پلانو نەخشەی کارەکان بەهاوکاریی بنکەکانی ڕێکخستن دادەڕێژێت و ڕێنوێنی سەرکردایەتیی سنووری بازنەکەی خۆی دەکات.

٧- ئەرکەکانی هەڵبژاردن لەسنووری بازنەکەی لەئەستۆ دەگرێ و بەرپرسە لەئەنجامەکانی.

٨- سەرووی خۆی لەهەلومەرج و پلان و کاروچالاکیەکانی بازنەکەی ئاگادار دەکاتەوە و داوای هاوکاری و ڕێنوێنی دەکات.

٩- دەسەڵاتی پێدانی پلەی ئەندامی بنکەی ڕێکخستنی هەیە.

١٠- پێشنیاز بۆ پێدانی پلەی ئەندامیی بازنە بەرز دەکاتەوە بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا.

١١- بەراوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا، دەستنیشانی نوێنەری هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دەکات.

**ماددەی نۆیەم/ کۆمیتەی سەرکردایەتی پارێزگا:**

١- لەسنووری پارێزگا یاخود سنوورێکی دیاریکراو

پێکدێت.

٢- بەدەنگدانی نهێنی بەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا یان سنوورێکی هاوشێوەی پارێزگا لەلایەن ئەندامانی سنووری ئەو پارێزگایە کە ئەندامن لەکۆنگرە، هەڵدەبژێردرێن.

٣- بەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا، راستەوخۆ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٤- کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا لە(٥ – ١٧)ئەندام پێکدێت.

٥- مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات.

٦- لەچوارچێوەی سیاسەتی حزبدا سەرکردایەتیی کار و چالاکیەکانی حزب لەسنوورەکەی دەکات.

٧- لەکاتی هەڵبژاردنەکان، بەرپرسیاریەتیی پلاندانان و ئەنجامدانی لەئەستۆ دەگرێت.

٨- دەسەڵاتی دامەزراندن‌و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵاوکردنی بازنەو بنکەکانی هەیە.

٩- دەسەڵاتی پێدانی پلەی ئەندامیی بازنەی هەیە.

١٠- دەسەڵاتی لادان و گواستنەوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگای هەیە دوای رەزامەندیی مەکتەبی رێکخستن.

١١- لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتیی حزب مافی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە، کە پەیوەندیدار بێت بەسنووری چالاکیەکانی.

١٢- بەراوێــژ لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشــانی نوێنەری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات.
١٣- مانگانــە لەڕێگــەی راپۆرتــەوە ســەرووی خۆی لەکاروچالاکییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

**ماددەی دەیەم/ مەکتەبەکان:**

١- لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی پێکدەهێندرێت.
٢- پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەو سیستمی بەڕێوەبردنی کاروبــاری مەکتەبەکان، لەلایــەن کۆمیتەی ناوەندیەوە دیاریدەکرێت.

**ماددەی یانزەهەم/ کۆمیتەی ناوەندی:**

١- بەرزترین دەسەڵاتە لەنێوان دوو کۆنگرەدا.
٢- لە(١٥) ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنگرەو بەرپرســی هەڵبژێــردراوی کۆمیتەی ســەرکردایەتیی پارێزگاکان پێکدێت.
٣- لەیەکــەم کۆبوونــەوەی خۆی ســکرتێر و جێگری سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت.
٤- دوومانگ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات.
٥- بەرپرســە لەپێکهێنــانو هەڵوەشــاندنەوەی مەکتەبەکانی حزب.
٦- سیاسەتی دارایی حزب دادەڕێژێت.
٧- بڕیــار لەبەشــداری یــان بەشــدارینەکردن لــە

هەڵبژاردنەکان دەدات.

٨- بڕیار لەدەستنیشانکردنی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردن دەدات.

٩- بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگاکان بڕیـــار لەبەشـــداریکردن لەحکومەت یـــان مانەوە وەک ئۆپۆزسیۆن دەدات.

١٠- هاوپەیمانیەتیـــە دووقۆڵـــی و بەرەییەکانـــی حزب هەڵدەســـەنگێنێتو بیروڕایـــان لەبارەیـــەوە پێشـــکەش بەمەکتەبی سیاسی دەکات.

١١- بەدەنگی ٣/٢ ی ئەندامانی، بڕیار لەپێشخستن یان دواخستنی کۆنگرە دەدات بەمەرجێ ماوەی دواخستن لەشەش مانگ زیاتر نەبێت.

١٢- بەپێی پێویست بڕیار لەبەستنی پلینۆم دەدات.

١٣- کاروبـــاری مەکتەبـــەکان هەڵدەســـەنگێنێت و راوبۆچوون و پێشنیاز دەداتە مەکتەبی سیاسی.

١٤- بەرپرسە بەرامبەر کۆنگرە.

١٥- بەرپرســـە لەجێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە.

١٦- دەســـەڵاتی لادانـــی بەرپرســـی کۆمیتـــەی سەرکردایەتیی پارێزگای هەیە.

١٧- لەکاتـــی لادانو نەمانـــی بەرپرســـی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی پارێـــزگا، دەســـەڵاتی دانانـــەوەی هەیە بەڕێگەی هەڵبژاردن یاخود دیاریکردن.

١٨- دەســەڵاتی لادانــی ئەندامانی کۆمیتــەی ناوەندی هەیە، بەدەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
١٩- دەسەڵاتی لادانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەیە بەدەنگی (٣/٢) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
٢٠- لەســەر داوای (٣/٢) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێر یان جێگری سکرتێر هەڵدەبژێردرێتەوە.
٢١- لەسەر داوای (٣/٢) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێتەوە.

**ماددەی دوانزەهەم/ مەکتەبی سیاسی:**

١- مەکتەبی سیاســی لەسکرتێر و جێگری سکرتێر و (٥)ئەندام پێکدێت.
٢- مانگی دووجار کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.
٣- سەرپەرشتی مەکتەبەکانی حزب دەکات.
٤-ئەرکی سەرپەرشتی و بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی راپۆرت و رێنمایی مەکتەبەکانی لەئەستۆدایە.
٥- بەرپرسە لەسیاسەتی گشتیی حزب.
٦- بەرپرســە لەگرێدانــی هاوپەیمانیــی دووقۆڵــی و بەرەیی.
٧- بەرپرسە لەبەرامبەر کۆمیتەی ناوەندی.
٨- راپۆرتــی سیاســی و راپۆرتــی مەکتەبــەکان و بەڵگەنامەکان ئامادە دەکات بۆ کۆنگرە.

**ماددەی سیانزەهەم/ جێگری سکرتێر:**

١- هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندیە.

٢- هاوکاری سکرتێر دەکات لەراپەڕاندنی کارەکانی.

٣- راگری سەرجەم کۆنووس و بڕیار و راسپاردەکانە.

٤- لەکاتی ئامادەنەبوونی سکرتێر، ئەرکەکانی سکرتێر دەگرێتە ئەستۆ.

٥- لەکاتی ئامادەنەبوونی بەرپرسی یەکێک لەمەکتەبەکان ئەرکی بەرپرسێتیی مەکتەبەکە لەئەستۆ دەگرێت.

**مادەی چواردەهەم /سکرتێر:**

١- هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندیە.

٢- سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات.

٣- چاودێری جێبەجێکردنی کاروبار و بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات.

٤- چاودێری کاروباری مەکتەبەکان دەکات.

٥- لەسکاڵای کادیر و ئەندامانی حزب دەکۆڵێتەوە و بەڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکدێنێت.

٦- سەرنجی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندی رادەکێشێ و لەهەڵەو کەم و کوڕیەکان دەکۆڵێتەوە.

٧- سکرتێرلە دوو خولی بەسەریەکەوە مافی خۆپاڵاوتنی نییە.

**ماددەی پانزەهەم/ پلینۆم:**

١- لەهەلومەرجی پێویست لەسەر داوای ٣/٢ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەبەسترێت.
٢- بەبەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگاکان و مەکتەبەکان، دەبەسترێت.
٣- کارو چالاکیەکانی حزب هەڵدەسەنگێنێت و رەخنە لەکەموکوڕیەکان دەگرێت و راوپێشنیاز بۆ بەرەوپێشبردنی چالاکیەکان پێشکەش دەکات.

**ماددەی شانزەهەم/ کۆنگرە:**

١- بەرزترین دەسەڵاتە لەحزب.
٢- دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت.
٣- بڕیار لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و بەڵگەنامەکان دەدات.
٤- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت.
٥- هەڵوەشاندنەوەی حزب و گۆڕینی ناوی حزب و یەکگرتن لەگەڵ لایەنی دیکە تەنها لەدەسەڵاتی کۆنگرە دایە.
٦- بڕیار لەسەر دروشم و رەنگ و ئارمی حزب دەدات.
٧- بڕیار لەسەر راپۆرتی مەکتەبەکان دەدات.

٨- بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوە یان پشتڕاستکردنەوەی ئـەو سـزایانە دەدات کە لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسـی دەرهـەق بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یاخود مەکتەبی سیاسی وەرگیراون.
٩- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی پارێزگاکان و مەکتەبەکان راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە.
١٠- رێـژەی ئەندامانـی بازنـە و بنکـەکان بۆ کۆنگرە بەبڕیاری کۆمیتەی ناوەنـدی بەپێی هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

**بەشی چوارەم: سیستەمی هەڵبژاردن**

**ماددەی حەڤدەهەم/ هەڵبژاردن:**

١- ئۆرگانەکانـی حزب بەهەڵبژاردنـی ئازادو نهێنی و راستەخۆ پێکدەهێندرێن.
٢- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی راسـتەوخۆ لەکۆنگرە بەزۆرینەی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێن.
٣- سـکرتێر و جێگری سـکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسـی لەکۆمیتـەی ناوەنـدی بەزۆرینـەی دەنـگ هەڵدەبژێردرێن.
٤- بەپرسـی کۆمیتـەی پارێـزگا بەدەنگـی نوێنەرانی کۆمیتـەی پارێـزگای بەشـدار لەکۆنگـرە و لەرێـگای دەنگدانـی نهێنـی و راسـتەخۆ، بەزۆرینـەی دەنـگ هەڵدبژێردرێن.

٥- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگاو بازنەو بنکەکان بەپێی سیستمێکی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریدەکات.
٦- کات و سیستمی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی دیاردەکرێت و نابێ لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیڕەوی ناوەخۆ پێچەوانە بێت.

**ماددەی هەژدەهەم/ (تایبەت بەکۆنگرەی هەشتەم):**

بەدوومانگ پێش بەستنی کۆنگرەی هەشتەم، هەڵبژاردن بۆ سەرجەم ئۆرگانەکان ئەنجام دەدرێت بەمشێوەیەی خوارەوە:
١- بەرپرس و ئەندام بنکەکان بەپێی ژمارەی دیاریکراو لەپەیڕەوی نێوەخۆ لەلایەن ئەندامانی حزب لەسنووری ئەو بنکەیە هەڵدەبژێردرێن.
٢- بەرپرسی بازنە لەلایەن ئەندامانی حزب لەسنووری ئەو بازنەیە هەڵدەبژێردرێن.
٣- بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا یان هاوشێوەی پارێزگا بەپێی ژمارەی دیاریکراو لەپەیڕەوی ناوەخۆ لەلایەن ئەندام بنکە و بەسەرەوە لەسنووری خۆیدا هەڵدەبژێردرێن.
٤- بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا یان هاوشێوەی پارێزگا راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

٥- ئەندامانی بازنەو بنکەکان کە دوومانگ پێش کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، بەڕێژەیەک بەشداری کۆنگرە دەکەن، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لێدەدرێت.

## بەشی پێنجەم / سزادان

**ماددەی نۆزدەهەم/ سزای حزبی:**

١-هــەر ئەندامێــک لەهــەر ئۆرگانێکــی حزبیــدا بێــت، ئەگــەر ئەرکەکانــی جێبەجــێ نــەکات و بەپێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ و پرەنســیپە دیموکراســیەکانی حزب هەڵبســووڕێت، رووبــەڕووی لێپێچینــەوەو ســزادان دەبێتەوە. جۆرەکانی سزادان ئەمانەن:
(سەرنجڕاکێشان، هەڵپەساردن، دابەزاندن و دەرکردن).
٢- ســزادانی ســکرتێرو جێگری ســکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاســیو کۆمیتەی ناوەندی بەبڕیاری (٣/٢) ی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەبێت.
٣- ســزای دەرکردنــی ئەندامــی مەکتــەب - ئەندامی ســەرکردایەتیی پارێزگا لەدەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی دایە.
٤- سزای هەڵپەساردن و دابەزاندنی ئەندامانی مەکتەب لەدەســەڵاتی مەکتەبــەکان دایــە دوای رەزامەندیــی مەکتەبی سیاسی.
٥- ســزای هەڵپەســاردن و دابەزاندنــی ئەندامانــی ســەرکردایەتیی پارێــزگا لەدەســەڵاتی کۆمیتــەی سەرکردایەتیی پارێزگا دایە دوای رەزامەندیی مەکتەبی

ڕێکخستن.

٦- سزای دەرکردنی ئەندامانی بازنە لەدەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا دایە.

٧- سزای هەڵپەساردن و دابەزاندنی ئەندامانی بازنە لەدەسەڵاتی بازنەی ڕێکخستن دایە دوای ڕەزامەندیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا.

٨- سزای دەرکردنی ئەندامانی بنکە لەدەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا دایە.

٩- سزای هەلاپەساردن و دابەزاندنی ئەندامانی بنکە لەدەسەڵاتی بازنە ڕێکخستن دایە دوای ڕەزامەندیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارێزگا.

١٠- سزای هەڵپەساردن و دەرکردنی ئەندامی حزب لەدەسەڵاتی بازنەی ڕێکخستن دایە.

**بەشی شەشەم/ دارایی**

**ماددەی بیستەم/ دارایی:**

دارایی حزب بریتییە لە:

١- ئابوونەی ئەندامانی حزب.

٢- داهاتی چاپەمەنی.

٣- هاوکاری دۆست و لایەنگران.

٤- پیتاک کۆکردنەوە.

٥- مینحەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- داهاتی پڕۆژەکانی حزب.